# سیستەمی کۆتا بۆ هێزی کاری بیانی:

## شیکردنەوەی سوود و مەترسیەکانی
## لە هەرێمی کوردستان _ عێراق



ئامادەکردنی ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی 2026

## پێشەکی:

کەرتی تایبەت لە ئێستادا زیاتر لە هەر کاتێکی تر ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستاندا. لەپاڵ هۆکارەکانی تر، فراوانبوونی ڕۆڵی کەرتی تایبەت، زیاتر بەهۆی وەبەرهێنانی بیانیەوەیەکە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ هاتنی هەزاران کرێکاری بیانی بۆ هەرێمەکە. لەهەمان کاتدا، هێشتا بێکاری لە نێوان گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان یەکێکە لە کێشە بەرچاوەکان. ئەم بابەتە گفتوگۆی مشتومڕئامێزی لەنێو خەڵکدا دروست کردووە، بە جۆرێک هەندێک پێیان وایە کە لێشاوی هاتنی کرێکارانی بیانی دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لە نێو دانیشتوانی ناوخۆدا. لە وەڵامی ئەم کێشەیەدا، کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان (تەمموزی ٢٠١٩)، کە بەپێی ڕێککەوتنی سیاسی نێوان لایەنە سیاسیەکان داڕێژراوە، بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە" **ئێمە کار دەکەین بۆ ڕەخساندنی هەلی کار لە کەرتی تایبەت، و فراوانکردنی وەبەرهێنان لە کەرتەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵ، و گەشتوگوزار. ئێمە چاکسازی لە یاساکانی کار دەکەین بەجۆرێک ئەولەویات دەدەین بە دابینکردنی هەلی کار بۆ کرێکارانی ناوخۆ لە بری بیانیەکان.** "[1]

لە چوارچێوەی گۆڕینی ئەم کارنامەیە بۆ سیاسەت و کردار، حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری کردووە بۆ کۆنترۆڵکردنی هاتنی کرێکارانی بیانی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی مرۆیی و شارەزایی ناوخۆیی. جگە لە هەوڵەکان بۆ چاکسازی لە یاسای کار[2] ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی بە ژمارە (٢٠٢٢/١٧٢) دەرکرد و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش ڕێنمایی ژمارە (٢٠٢٢/٨)ی بۆ ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا دەرکرد. هەردوولایان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەبێت لە پرۆژەکانی بازاڕ و کەرتی تایبەتدا ئەولەویات بۆ هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت، بە ئامانجی ئەوەی کەمترین ڕێژەی (٧٥٪)ی پرۆژەکان لەلایەن هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێ بکرێن. جگە لەوەش، ڕێنماییەکان دیاریان کردووە کە ڕێژەی کرێکاری بیانی لە پرۆژەکاندا نابێت لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا لە (٢٥٪) تێپەڕ بکات.

سەرەڕای ئەوەی کە ئەم سیاسەتانە بە مەبەستی هاندانی گەشەی ئابووری لە ڕێگەی سنووردارکردنی جوڵەی کرێکارانی بیانی بۆ هەرێم و زیادکردنی هەلی کار بۆ هاوڵاتیانی ناوخۆ داڕێژراون، بەڵام تا ئێستا ئاستی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە و بەدەستهێنانی ئەنجامە خوازراوەکانیان لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پێویستیان بۆ نەکراوە. هەر بۆیە، ئەم پەڕاوی سیاسەتە (Policy paper) باس لە کاریگەریە ئابوورییەکانی سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات سەبارەت بە ڕێکخستنی کرێکارانی بیانی لە هەرێمی کوردستان. شیکردنەوەکانی ناو ئەم پەڕاوە لە ڕوانگەی بەرپرسانی دامەزراوە حکومیەکان، سەندیکاکانی کرێکاران، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن، و نوێنەری دامەزراوە بازرگانییەکانەوە ئەنجامدراون. ئەم پەڕاوی سیاسەتە بە دیاریکراوی دەیەوێت وەڵام بۆ ئەم پرسیارانەی خوارەوە بخاتەڕوو:

- بەربەست و ئالنگاریەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە چین؟
- تا چ ڕادەیەک جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی ئابووری هەرێمی کوردستان هەیە؟[3]

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و کۆکردنەوەی زانیاریەکان، سوود لە تەکنیک و میتۆدی چۆنایەتی وەرگیراوە. پێداچوونەوەیەکی گشتگیر بۆ ناوەڕۆکی یاساکان، ڕێنماییەکان، و ستراتیجیە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بەدیاریکراوی بۆ ئەوانەی کە پەیوەستن بە ڕێکخستنی کرێکارانی بیانی لە هەرێم . بەمەبەستی تێگەیشتنی قوڵتر لەو گێڕانەوانەی (narratives) لەسەر هاتنی کرێکارانی بیانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە مرۆییە ناوخۆییەکان هەن، شیکردنەوەی ناوەڕۆک(Content Analysis) بۆ (١٠) ڕاپۆرتی میدیایی ئەنجامدراون. جگە لەمانەش، ١٥ چاوپێکەوتنی چۆنایەتی لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە ئەنجامدران کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە. گرنگی ئەم پەڕاوی سیاسەتە لەوەدایە کە یارمەتیدەر دەبێت لە خستنەڕووی شیکردنەوەیەکی گشتگیر بۆ سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم بەرامبەر بە کرێکارانی بیانی و گەشەپێدانی ئابووری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

---

١ حکومەتی هەرێمی کوردستان. کارنامەی کابینەی نۆیەم. /https://gov.krd/english/government/agenda

٢ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی. ٢٠٢٣. ڕاپۆرتی ڕەوشی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان pdf.pdf/Krekaran٢٠٢٣/٢٠١٧/https://pfo-ku.org/images

٣ تەلەڤزیۆنی کوردسات. ٢٠٢٣. زۆری کرێکاری بیانی دەرفەتی کاری بۆ کرێکاری ناوخۆیی کەمکردووەتەوە -https://www.youtube.com/watch?v=Mx WQ١Dg_Rk

ڕێکخراوی  ئاشتی وئازادی, ڕێکخراوێکی  ناحکومی و قازانج نەویستە, سەربەخۆیە لەکارو بڕیاردان ، بڕوای بەکاری خۆبەخشی هەیە و کار بۆ سەقامگیری ئاشتی و پاراستن وداکۆکی لە ئازادییەکانی تاك وکۆمەڵ و پتوترکردنی مافەکانی مرۆڤ  دەکات و بڕوای وایە ناتوندوتیژی تاکە ڕێگەیە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان.

بگیرێت. وەک دەستپێشخەرییەک و هاندانی زیاتر، حکومەتی هەرێم لەم دواییانەدا فەرمانی دیاریکردنی کەمترین مووچەی بۆ کرێکارانی ناشارەزا (ناکارامە) دەرکرد. کەمترین مووچەی مانگانە بۆ ئەم کرێکارانە بە (٤٥٠,٠٠٠) دینار دیاریکراوە (کە پێشتر ٣٥٠,٠٠٠ دینار بوو)، لەگەڵ دیاریکردنی کەمترین کرێی ڕۆژانە بە (١٥,٠٠٠) دینار[٤]. سەرەڕای ئەوەی کە ئەمە دەرخەری نیەتێکی باشی حکومەتە بۆ باشترکردنی بژێوی ژیانی کرێکاران لە کەرتی تایبەت، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتەش ئاسان و بێ بەربەست نیە. کێشەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئایا کرێکارانی بیانی ڕێگەیان پێ دەدرێت زیاتر لە کارێکیان هەبێت. تێبینی کراوە کە هەندێک لە کرێکارانی بیانی مۆڵەتی کاریان بۆ کارێکی دیاریکراو هەیە، بەڵام توانیویانە لە کاتی ئێواران و شەواندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەسەر شەقامەکان کار بکەن. ئەمە بابەتێکە کە بە ڕوونی لە یاسا و ڕێنماییەکاندا ئاماژەی پێ نەکراوە.[٥]

## هێزی کاری ئامادەنەکراو و هەستیاریی کولتووری:

تێبینی کراوە کە ئامادەنەبوونی هێزی کاری ناوخۆیی و هەستیاری کولتووری بەرامبەر بە هەندێک جۆری کار، دوو بەربەستی دیکەن کە ڕێگرن لە جێبەجێکردنی تەواوی ئەم سیاسەتانە. توێژەران لە هەرێمی کوردستان پێشتر لە پرسی بێکاریان کۆڵیوەتەوە، بە ڕوونی ئاماژەیان بەوە کردووە کە کەموکوڕیەکانی سیستەمی پەروەردە تا ڕادەیەک کاریگەرن لەسەر ئەوەی زۆرێک لە دەرچووانی زانکۆکان ئامادەنەبن بۆ بازاڕی کار،ئەمەش بەهۆی نەبوونی شارەزایی و پسپۆڕی پێویست لە هەندێک بواردا[٦]. بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییانە و پەرەپێدانی ئەو شارەزاییانەی کە بازاڕی کار پێویستی پێیەتی، چەندین دەستپێشخەری لەلایەن ئەکتەرە حکومی و ناحکومیەکانەوە دەست پێ کراون. بۆ نموونە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی (IREX)، سەنتەرەکانی گەشەپێدانی کار (CDC)ی لە زانکۆکان دامەزراندووە بۆ بەستنەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بە بازاڕی کارەوە.[٧] هەروەها وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چەندین ڕێگەی هەیە بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و گۆڕینی سەرنج بۆ سەر کەرتی تایبەت، لەوانە پرۆگرامەکانی بونیادنانی کار، پەرەپێدانی پلاتفۆرمێکی دیجیتاڵی کار، و پێدانی قەرز بۆ پرۆژە بچووکەکان (ستارت-ئەپ)[٨]. سەرەڕای ئەم دەستپێشخەرییانە و ئەوانی دیکەش، ناهاوسەنگی لە نێوان خواست و خستنەڕوو (بۆ کارمەندی شارەزا و لێهاتووی وەک شێف بۆ چێشتخانە بیانیەکان، شارەزایان لە کەرتی نەوت و گاز، و کارمەندان بۆ کۆمپانیا خاوەن براندە نێودەوڵەتییەکان) هێشتا وەک بەربەست و ئالنگاریەک تەماشا دەکرێن لە جێبەجێکردنی تەواوەتی سیاسەتە نوێیەکان.[٩]

تەنانەت لەگەڵ دەرکردن و هەبوونی سیاسەتی تر بۆ هاندان و ڕەخساندنی دەرفەتی کاری ناوخۆیی (وەک ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا)، ڕەنگە زیادکردنی هەندێک جۆری هەلی کار سوودی بۆ کرێکارانی خۆماڵی نەبێت. ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە هەندێک جۆری کار (بێ گوێدانە ئەوەی کە مووچە و پاداشتە داراییەکانیان چەندە) لە ڕووی کولتوورییەوە پەسەندکراو و بەهادار نین. بۆ نموونە، سەنتەرەکانی مەساج هەلی کاریان لە بازاڕی کاردا ڕەخساندووە، بەڵام بەهۆی هەستیاریی کولتووری بەرامبەر بەم پیشەیە، خەڵکی ناوخۆ ئارەزووی کارکردن لەو بوارەدا ناکەن. هەر بۆیە، هێنانی هێزی کاری بیانی وەک جێگرەوەیەک دەبینرێت، بەڵام ئەم جۆرە شوێنانە پێویستیان بە بەخشین (exemptions) هەیە لە پابەندبوون بە بڕیارو سیاسەتە نوێیەکانەوە بۆ

---

٤ ووزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. ٢٠٢٥. https://gov.krd/molsa/activities/news-and-press-releases/٢٠٢٥/august/ئەنجومەنی-وەزیران-کەمترین-کرێی-مانگانە-و-ڕۆژانەی-کرێکارانی-لە-هەرێمی-کوردستان-دیاری-کرد/

٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری یەکێک لە دامەزراوەکانی سەر بە ووزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ لە هەولێر.

٦ ناوەندی توێژینەوەی سبەی. ٢٠٢٤. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئالنگاریەکانی بێکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستان. https://sbeyresearch.com/article/٢٤

٧ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرێک لە ووزارەتی خوێندنی باڵاو توێژنیەوەی زانستی لە شاری هەولێر لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤.

٨ تەلەڤزیۆنی ڕووداو. ٢٠٢١. گەنجانی بێکاری کوردستان لۆمەی حکومەت دەکەن. https://www.rudaw.net/english/business/١٢٠٨٢٠٢١-amp

٩ چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزاری هەولێر لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤.

## لە سیاسەتەوە بۆ کردار:

سەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ژمارە (١٧٢)ی لە ٢٠ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ دەرکرد، و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیش ڕێنمایی جێبەجێکردنی ژمارە (٨)ی لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٢ بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە ناساند، بەڵام دەزگا حکومییەکان و بڕیاربەدەستان زوو درکیان بەوە کرد کە جێبەجێکردنی دەستبەجێی ئەم سیاسەتانە واقیعی نیە. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کاتی جێبەجێکردنی فیعلی ئەم سیاسەتانە دوو جار دوابخرێت. دواجار، لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ەوە ئەم سیاسەتانە کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە. دواخستنە بەردەوامەکان تەنها بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی خاوەنکارەکان بوو، تا کاتی پێویستیان هەبێت بۆ خۆئامادەکردن و گونجاندنی کارەکانیان لەگەڵ سیاسەتە نوێیەکان. لەگەڵ ئەمەشدا، خاوەنکارەکان چاوەڕێی دواخستنی زیاتری جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانەیان دەکرد، تەنانەت لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤یشدا هەندێکیان ئامادە نەبوون پابەندی سیاسەتە نوێیەکان بن.[١]

ئەو ئەزموونانەی لە ماوەی دوو ساڵی جێبەجێکردنی فیعلی ئەم سیاسەتانەدا کۆبوونەتەوە (٢٠٢٤- ٢٠٢٥)، چەندین ئالنگاری جیاواز نیشان دەدەن. لە کاتێکدا بەرپرسانی حکومی بە ڕوونی ئاماژە بە گرنگی ئەم سیاسەتانە و دەرئەنجامە ئابووریە ئەرێنیەکانی دەکەن، بەڵام وادیارە زاڵبوون بەسەر ئالنگاریەکان کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی لەمەودای کورتدا. ئەمەش لەبەرئەوەی هەندێک لە بەربەست و ئالنگاریەکان پەیوەستن بەفاکتەری ترەوە لەوانەش: (١) ئەو سیاسەتە پەیوەندیدارانەی کە پێویستیان بە هەموارکردنەوە و پێداچوونەوە هەیە، (٢) بەها کولتوورییەکانی پەیوەست بە هەندێک جۆری کارەوە، کە گۆڕینیان پێویستی بە کاتی زۆرە، (٣)هەروەها لاوازی میکانیزمەکانی هەماهەنگی و چاودێری کە پێویستیان بە پاڵپشتی زیاتری کارگێڕی، لۆجستی و دارایی هەیە.

## کەم و کوڕی سیاسەتە نوێیەکان:

ئەو سیاسەتانەی پەیوەستن بە کرێکارانی بیانی، بەتایبەتی بڕیاری (٢٠٢٢/١٧٢) و ڕێنمایی جێبەجێکردنی ژمارە (٨)، پێویستیان بە چەند سیاسەتێکی پاڵپشتکیار هەیە بۆ مسۆگەر کردن و بەدەستهێنانی ئەنجامە خوازراوەکان. بەڵام، ئەم جۆرە سیاسەتە پاڵپشتیکارانە یان بوونیان نییە یان کاریگەر نین. بەرپرسانی حکومی، نوێنەرانی سەندیکا کرێکاریەکان، و نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی بەرگریکار لە مافی کرێکاران، هەموویان ئاماژەیان بە هەبوونی بۆشایی لە چوارچێوەی یاسایی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی ڤیزا بۆ بیانییەکان و هەروەها بەڕێوەبردنی بازاڕی کار کردووە.[٢] لە کاتێکدا وەزارەتی ناوخۆ ڤیزای گەشتیاری دەداتە بیانیەکان، بەڵام بەپێی یاسا و لە ژێر هەندێک بارودۆخدا ڕێگەیان پێ دەدرێت ئەم جۆرە ڤیزایە بگۆڕن بۆ نشینگە و مۆڵەتی کار، وەک لە ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١دا هاتووە[٣]. هەندێک کەس ئەم ڕێنماییە وەک سیاسەتێکی «دەرگای کراوە» دەبینن بۆ ئەوەی بیانیەکان بمێننەوە و لە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستاندا کار دەست بخەن. بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ هاوولاتیانی ناوخۆ، پێویستە سیاسەتەکانی پەیوەست بە ڕێنمایی ڤیزا هەموار بکرێنەوە.

بەهۆی ئاسانکارییەکانی ڤیزا و هەرزانی دەستی کار، کرێکارانی بیانی دەتوانن بە ئاسانی بمێننەوە و لە بازاڕی کاردا کێبڕکێ لەگەڵ کرێکاری ناوخۆدا بکەن. هەرزانی کرێی کرێکارانی بیانی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وادەکات لەلایەن خاوەنکارەکانەوە زیاتر جێی پەسەند بن، ئەمەش زیاتر پەیوەستە بەوەی کە ئامانجی کۆتایی بەشێکی زۆر لە خاوەنکارەکان قازانجی دارایيە. هەر بۆیە، پێویستە چوارچێوەی یاسایی کرێی کار لەبەرچاو

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ یەکێک لە نوێنەرەکانی ووزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٥ لە هەولێر

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەری ووزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و نوێنەرێکی سەندیکاکانی کرێکاران و چالاکوانێکی بواری کرێکاران لە هەولێر لە کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ و تشرینی دوومی ٢٠٢٥.

٣ ووزارەتی ناوخۆ. ڕێنمای ژمارەی ١ی ساڵی ٢٠٢١ی تایبەت بە ڤیزا pdf.٢٦١ssss٥٣/file:///Users/m-store/Downloads

کاری بیانیەوە، ڕۆڵێکی سەرەکی لە کەرتی بژێوی و گەشەپێداندا دەگێڕن.[11] بە چاوپۆشی لە نیگەرانیەکان سەبارەت بە گۆڕانی کولتووری خۆراک، کرێکارانی بیانی و خاوەنکارە بیانیەکان ڕۆڵێکی ئەرێنیان هەبووە لە هەمەجۆرکردنی کەرتی خۆراک، بەتایبەتی هەبوونی ژمارەیەکی دیاریکراو لە چێشتخانە و کافتریای بیانی کە بوونەتە سەرچاوەی کار و داهات بۆ خەڵکی هەرێمەکە. هەر بۆیە، سیاسەتی «دەرگا داخستن» یان''سنوردارکردن ''بەرامبەر بە کرێکارانی بیانی ڕەنگە کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر گەشەی ئابوری هەرێم ئەگەر تایبەتمەندی پێویستی کەرتە جیاوازەکان لەبەرچاو نەگیرێن.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، کۆمپانیا خاوەن براندە نێودەوڵەتییەکان، لەوانە هۆتێلە پێنج ئەستێرەییەکان و هەندێک کۆمپانیای خواردنی خێرا، ڕۆڵی ئەرێنیان هەیە لە گەشەپێدانی ئابووری هەرێم. هەر بۆیە، ئامادەنەبوونی هێزی کاری ناوخۆیی بۆ هەندێک پۆستی دیاریکراو لە لایەک و پەیڕەوکردنی سیستەمی کۆتا لە لایەکی دیکە، ڕەنگە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم جۆرە بزنسانە نەتوانن خزمەتگوزارییەکانیان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان پێشکەش بکەن. ئەمانە هەمووی وای لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کردوە کە لیژنەیەکی تایبەت پێکبهێنن، کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی چەندین دەزگای حکومی بۆ پێداچوونەوە بە داواکاریی ئەو خاوەنکارانەی دەیانەوێت لە پابەندبوون بە بڕیارەکە ببەخشرێن، و لە ئەنجامدا زۆرێک لەو داواکاریانە پەسەند کراون.[12] لە هەمان کاتدا، هێشتا نیگەرانی لە نێو خاوەنکارەکاندا هەیە سەبارەت بە دەرئەنجامە نەرێنیەکانی ئەم سیستەم و سیاسەتە نوێیانە، بەجۆرێک هێشتا هەندێک وەک هەڕەشە لەسەر کوالیتی خزمەتگوزاری و توانای بەردەوامی بزنسەکانیان تەماشای دەکەن.

ئەوەی تێبینی کراوە ئەوەیە کە دەرکردنی ئەم سیاسەتە نوێیانە و جێبەجێکردنیان هەزاران هەلی کاری بۆ خەڵکی ناوخۆ ڕەخساندووە. لەهەمان کاتدا، هیچ ئامارێکی فەرمی نییە کە پیشانی بدات چەند کرێکاری بیانی بە کرێکاری ناوخۆیی جێگەیان پڕکراوەتەوە. هەروەک چۆن ئاماری فەرمیش نیە بۆ نیشاندانی زیان و لێکەوتە نەرێنیە ئابوریەکان بەهۆی ئەم سیاسەتە نوێیانەوە. ئەو دوو گێڕانەوەیەی (narratives) لە سەرەوە باس کران - کە هەم پشتیگری و هەم دژایەتی ئەم سیاسەتانە دەکەن - بڕیاربەدەستان لە هەرێمی کوردستان ناچار دەکەن کە وردتر مامەڵە لەگەڵ ڕێکخستنی کرێکارانی بیانی بکەن بەجۆرێک کە پێویست دەکات دووجار بیربکەنەوە لە گرتنەبەری هەڵوێستی دژ بەیەک، لە کاتی کارکردن بۆ کۆنترۆڵکردنی لێشاوی کرێکارانی بیانی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە مرۆییە ناوخۆییەکان. نیگەرانییەکان سەبارەت بە بوونی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی نالێهاتوو و ڕێژەی بەرزی بێکاری لە نێو خەڵکی هەرێم بەردەوام دەبن، مەگەر حکومەتی هەرێم ڕێکاری وردتر و شەففاتر بگرێتە بەر.

---

١١ ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی. ٢٠٢٣. ڕاپۆرتی ڕەوشی کرێکاران لە عێراق و هەرێمی کوردستان https://pfo-ku.org/images/٢٠١٧/٢٠٢٣Krekaran/pdf.pdf

١٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین کارمەند و بەڕێوەبەری دامەزراوە حکومیەکان لە ساڵانی ٢٠٢٤ & ٢٠٢٥.

ئەوەی بتوانن ڕۆڵی ئەرێنیان هەبێت لە گەشەی ئابوری هەرێم [١٠]

## میکانیزمە ناکاریگەرەکانی هەماهەنگی و چاودێری:

لە کاتێکدا چاکسازیەکان لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی حکومەت بە زیادکردنی هەلی کاری ناوخۆیی و ڕێکخستنی کرێکارانی بیانی پیشان دەدەن، بەڵام کاریگەریی ئەم هەوڵانە لە کۆتاییدا بەندە بە پەرەپێدانی میکانیزمەکانی هەماهەنگی و چاودێرییەوە. ئەگەر دامەزراندنی چەندین لیژنە لە نێوان دەزگا حکومیەکان و لە ئاستی دامەزراوە پەیوەندیدارەکاندا (بە پلەی یەکەم وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی) کارێکی جددی بێت، ئەوا ڕادەی پشتگیریکردن و پێدانی دەسەڵات بەم لیژنانە بابەتێکی یەکجار گرنگە.
بۆ نموونە، بەڕێوەبەرایەتی کار لە هەولێر لیژنەی پشکنەری خۆی هەیە بۆ چاودێریکردن و پابەندکردنی خاوەنکارەکان بە بڕیار و ڕێنمایی جێبەجێکردنی ژمارە (٨)، بەڵام بەهۆی کەمی سەرچاوەی مرۆیی و پشتگیری لۆجستی، ناتوانن بە شێوەیەکی تەواو چاودێری هەزاران شوێنی کار بکەن. بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە هەولێر پێشتر لیژنەی پشکنەری پێکهێناوە، کە بەشێکی بەرپرسیارێتیان چاودێریکردنی ئەوەیە ئایا خاوەنکارەکان پەیڕەوی سیاسەتە دیاریکراوەکان دەکەن یان نا. بەڵام، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی خاوەنەکانیان کەسانی دەستڕۆیشتوون، ئالنگاریەکی هەست پێکراوە و هەندێک جار ئەم لیژنانە ڕێگەیان پێنادرێت بچنە ناو ئەو شوێنانە، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و ناردنی کەیسەکان بۆ دادگاکانی کار.

جگە لەوەش، بەڕێوەبەرایەتی گەشتوگوزار لە هەولێر لیژنەی پشکنەری هەیە و بە شێوەیەکی بەردەوام خاوەنکارەکان ئاگادار دەکاتەوە ئەگەر سەرپێچی سیاسەتەکان بکەن، بەڵام هیچ کەناڵێکی هەماهەنگی لە نێوان ئەم دامەزراوانە نیە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی داتابەیسێکەوە (database) زانیاری پێویست لەگەڵ یەکدا بەش بکەن کە تایبەت بێت بەو کۆمپانیا و شوێنکارانەی کە پابەندی سیاسەتەکان نەبوون. جگە لەم لیژنەو دامەزراوانەی کە باسکران، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی میکانیزمی سکاڵای هەیە، لەوانە ژمارەی هێڵی گەرم (٥٥٠٠)، کە دەکرێت بۆ ڕیپۆرتکردنی حاڵەتەکانی پێشێلکردنی ئەم سیاسەتانە بەکاربهێنرێت. بەڵام، بیرۆکراسیەت و ئاڵۆزی ڕێکارەکانی سکاڵاکردن و کەمیی هۆشیاری لە نێو کرێکاراندا بووەتە هۆی ئەوەی ئەم میکانیزمە زۆر کاریگەر نەبێت. سەرەڕای ئەوەی بڕیاربەدەستانی حکومەتی هەرێم لە ڕێگای ئەم سیاسەتە نوێیانەوە نیەتی خۆیان پیشان داوە بۆ زیادکردنی هەلی کار بۆ خەڵکی ناوخۆ و سنووردارکردنی بۆ بیانیەکان، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە هێشتا پێویستی بە پشتگیری زیاتری مرۆیی، لۆجستی و کارگێڕیە بۆ مسۆگەرکردنی دەرەنجامی خوازراو کە ببێتە هۆی پاراستنی مافی کرێکارانی ناوخۆ و بیانیش.

## دەرئەنجامە ئابووری و سیاسیەکان:

ئەزموونەکانی جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە لە ماوەی دوو ساڵدا، ئەوە نیشان دەدەن کە دەرئەنجامی خوازراو و نەخوازراویشیان لێ کەوتۆتەوە، کە پێویستی پێداچوونەوەی زیاتری سیاسەتەکان نیشان دەدەن. بابەتێکی بەڵگە نەویستە کە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو سوودی لە کرێکارانی بیانی و وەبەرهێنەرانی بیانی وەرگرتووە. ئەم سوود وەرگرتنەش زیاتر لەڕێگای پەرەپێدانی کارامەیی، بەگەڕخستنی هێزی کار و سەرمایەگوزاریەوە بووە کە ڕۆڵیان گێڕاوە لە برەودان بە گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی کەرتە جیاوازەکان.

بۆ نموونە، کەرتی پیشەسازی نەوت و گاز هێشتا پێویستی بە هێزی کاری بیانی هەیە نەک تەنها بۆ گەرەنتی کردنی پەرەپێدانی کەرتەکە، بەڵکو بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی ئەو کەرتە لە ڕێگەی بونیادنانی تواناکان بۆ کارمەندانی ناوخۆ لە هەرێم. هەروەها بوونی سەدان ڕێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی بە سەرمایە و هێزی

١٠ چاوپێکەوتن لەگەڵ چەندین کارمەند و بەڕێوەبەری دامەزراوە حکومیەکان لە ساڵانی ٢٠٢٤ & ٢٠٢٥.

# Quota System for Migrant Labor:

## A Policy Analysis of Benefits and Risks in the Kurdistan Region-Iraq

WWW.PFO-KU.ORG